هەموو جارێك بیرم دەكردەوە ڕەوتی مێژوو و فكری سیاسی مرۆڤ بۆچی گەیشتە بن بەست. ئەم كۆمەڵە پرسیارە خۆی زەق كردبووەو. خۆم خاوەنی فكری كۆمۆنیستی بووم نەم دەزانی جەوهەری مەسەلەكان چییە. بەڵام كاتێ كە گوتارە بەنرخەكەیم بەردەست كەوت بەناوی (جیاوازیەكان) لەگەڵ كۆمەڵێ گوتاری تر بەهۆی برادەرانی كۆمۆنیزمی كرێكاریەوە بەڕاستی ئاواتێكی خستە دڵمانەوە. نەمر(مەنصور حیكمەت)هەموو هۆیەكان و لادانەكانی ئەو ڕێبازەی بۆ ڕوون كردینەوە. ڕێگای فكری خۆی بۆ خستینە ڕوو. بەردەوام گوتارەكانی وەكو پەرەپێدانی ماركس سەیر ئەكەم.

بەڵام داخەكەم ئەو ڕابەرە مەزنە كە هەموو مرۆڤایەتی خۆی بە قەرزاری دەزانی ناوی چووە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤایەتییەوە ئێمەی بەجێ هێشت. دەنگە ناسكەكەی لە گوێم دایە: وەكو من نەترسن بن هەمان ڕێباز پیادەكەن خەبات بكەن بۆ كۆمەڵگایەكی یەكسان. پەیمان بێ ئەی نەمری سەربەرزی ڕزگاری مرۆڤایەتی. من تائێستا كە گوتارەكانی تۆم خوێندوەتەوە زۆر پەسەند بووە لام. تۆ خۆت بەخت كرد لە پێناو ئێمەدا. منیش ئەو ڕێگای تۆ بۆت نەخشاندین لەسەر ئەو ڕێبازە بڕۆین.

ئەی ڕابەرو ڕۆشنفكری مەزن هیچ گوتارو مەقولەیەكی سیاسی و فكری فەلسەفەی نەما بۆمانی شی نەكەیتەوە جیاوازێكانیمان بۆ ڕوون نەكەیتەوە بەراوردی نەكەیت لەگەڵ ووتەكانی نیزامی سەرمایەداریدا. ئێمە تۆمان لەیاد ناچێت.

ئەی هاوسەرە مەزنەكەی كاك (مەنصور) تۆ لە دوولاوە بویتە جێگای فەخرو شانازی بۆ ئێمەی هەردەم چەوساوە. ئێمە ئاگاداری بەوەفایی تۆین كە چەند ڕۆڵێكی مەزنت هەبووە لە پاڵ ئەم نەمرەدا بۆیە دووجار سەرەخۆشی خۆم دەردەبڕم یەكەم وەك هاوسەرێكی ئەو پیاوە مەزنە. دووەم وەكو ئەوەی تۆش بەهەمان شێوەی ئێمە و مرۆڤایەتی فەیلەسوفێك و مفكری ڕێبازی كۆمۆنیستیت لە دەست دا.

سەرەخۆشی خۆم ڕادەگەیەنم بەرامبەر مردنی قارەمانی مرۆڤایەتی هەرگیز نەمر كاك (مەنصور حیكمەت)

ئەشرەف نامق ئەحمەد

گەڕەكی ڕزگاری /سلێمانی

٢٠٠٢/٧/٦